# درمناسی بزوتنەوەی ژنان

## پەری کەریمی نیا

هەر کۆمەڵگایەك تا چاوەڕوانییەکانیان تووشی هەڵە نەبێت و ئەنجامی باش و بەسوودی لێوەر نەگرن پەی بەوە نابەن کە کێشەیەك لە ئارادایە .بۆ نموونە تا ژنان تووشی ئاستەنگی لە کار و کردەوەی ڕۆژانەیان دا نەبن ئەو بیرە ناگاتە زەینیان کە کێشەیەکیان هەیە و ئاستەنگیان بۆ پێك دێنێت و هەڵیشناسن بە بەرەنگاری کردنی. ئێستا کە زانراوە کێشەیەك لە ئارادایەتاقمێك بە بیر و کاری ڕوناکبیری و تاقمێکیش بە کردەی ڕۆژانە بەرەنگاری ئەم کێشانە دەبن واتە کەسانێك دێن پێشی پێ دەگرن و ناهێڵن کەسەکەی بەرامبەریان کردەیەکی ناشایستیان بەرامبەر بنوێنی. ئێمە لێرە دا ڕووبەڕوو دەبینەوە لە گەڵ دوو تاقم ژندا. ژنانی\ کە بە ئاگادار بوون لە هەلوومەرجی باو بە کاری ڕووناکبیرانە و زانستیانە هەوڵدەدەن ماڤەکانی ژن بچەسپێنن و نەهێڵن ماڤیان پێشێل بێت کە ئەمە تاقمێکی یەکجار کەم لە کۆمەڵگای ئێمە دا دەگرێتەوە . ئەم تاقمە دەتوانن ناوی ئاگایاری نادیاریان لێ بنین بەڵام لە بەرامبەر ئەمانیش دا تاقمێك هەن کە بێ وەی تەنانەت و یا زۆر بە کەمی یەکێك لەم ژنانە بناسن و بە شێوەیەکی کاڵتر پێوەندییان لە گەڵدا هەبێت دێن بە پێ هەلوومەرجی باو واتە لە ڕووی وییەوە کە کۆمەڵگا هەندێ هەلی وەکوو کار و بەشداری سیاسی و .... بۆ ڕێکخستن و کاری نەوەی پێش خۆیان بە ناڕاست دادەنن و دێن دژایەتی دەنوێنن. ئەم تاقمە کە یەکجارزرۆریشن بە نائاگایاری دیاریان ناوزەد دکەین.

ئێستا با لە هەر دوو تاقمەکە بکۆڵینەوە:

ئاگاداری نادیار: ئاگاداری نادیار کە وتمان تاقمێکی زۆر کەمن هەندێ ڕێیان گرتۆتە بەر بۆ وەی کار لە سەر کێشەکان بکەن. ڕێگاکانیان بریتیە لە: ئاگادار کردنەوەی خەڵك لە ڕێگای وتاردان, نووسینی وتار, دروستکردنی فیلم, ئەدەبیات, دەرکردنی بڵاو کراوە, دانانی بنکەی ژنانە , ماڵی ئاسوودە و ئەمن و ...

ئەم تاقمە دەتوانن لەم ڕێگایەوە دەنگیان بگەیەننە ئەو یەکجار ژنە زۆرەی کە کاریان بۆ دەکەن. تا رادەیەکیش کاریان کارسازە. ئەوان وەك دەسەڵاتێك وان کە دەسەڵاتی سیاسی گوێیان بۆ دەگرێت. هەڵبەت ڕەنگە زۆربەی گوێگرتنەکان کاری وای لێ نەکەوێتەوە بەڵام لە هەر حاڵدا ئەمانە دەتوانن وەکوو پردێك وا بن کە دەنگی ژنان دەکەیەننە دەسەڵات و داوای ڕێگا چارەیان لێدەکەن. بۆ نموونە کاتێ کە بڕیاری 137 دەرچوو ئەمە بە زۆری هەر ئەو تاقمە ژنە بوون کە داوای بەرکریکردن لە چەسپاندنی ئەم بڕیارەیان دەرکرد. و یان کاتێ کە لەیلاِی 19 ساڵانە لە ئێران دا ها لە بەر دەم سێدارە دا ژنان بە گەیاندنی ئەم کارە نامرۆڤانە بە گوێی جیهانیان و ئاگادار کردنەوەی ژنانی تر دەیانەوێ کە ئەم حوکمە سەر نەگرێت. ئەم تاقمە ژنە ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەکەن سایتی تایبەت بە خۆ و یا لینکی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە کۆڕکاندا بەشداری دەکەن وتار دەدەن بە کاتێکی زۆر کەمەوە لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە باس لە کێشەکانیان دەکەن. ئەم تاقمە هەموو ئەم

کاره بەسوودانە دەکەن.بەڵام هەر کردنی کاری بەسوود دەرمان کەری کارەکان نابێت با هەندێ لەو ڕێگایانەی کا ها لە بەردەم ئەم تاقمە دا شی بکەینەوە:

1-لە کۆمەڵگای ئێمە دا کە کۆمەڵگایەکی پیاوسالارانەدایە پیاوان هێشتا بڕوایەیان بە ژن تێدا درووست نەبووە. کە بەربەرەکانی ئەم تاقمە نەکەن. بۆ نموونو کەمتر پشتگیرییان دەکەن و یا ئەگەر هەندێکیان پشتگیری دەکەن گوومانا‌وین.

2- ئەو کارانەی کە ئەو تاقمە دەیکەن ئەو هەمووە ژنە تێراو ناکات ئەمان ڕەنگە سەدان کەس بن بەڵام سەدان کەس لە کوێ و ئەو هەمووە ژنە لە کوێ؟

3- ئەو تاقمە ژنە باسەکانیان لە جیاتی وەی ژنان بە زۆری موتابعەی بکەن خۆیان لە ناو خۆیان دا زیاتر موتابعەی دەکەن ئەوەیش ئەوە ناگەیەنێ کە کەم کارییەکی یەك لایەنە لە کار دا بێت بەڵکوو نەخوێندەواری و بە دوادانەچوونی ژنان خۆیان و بێ دەنگ بوون و ... دەگرێتەوە.

4-ئەم ژنانە لە لایەن زۆربەی ژنانی تریشەوە پشتگیرییەکی بەر چاوییان لێ ناکرێت و تەنانەت سەرکۆنەش دەکرێن بەوەی کە خەریکی کاری بێهوودەن.

5-کەشی نەریتی کۆمەڵگای ئێمەیش وای کردووە کە ئەو ژنانەی دێنە ئەو پانتاییەوە گومانیان لە سەر دروست دەکەن و قسەیان پێوە دەلکێنن.

6-بەڵام بێجگە لەوەی ئەو ژنانە لە لایەن کۆمەڵگای پیاوسالاریدا قسەیان پێوە دەلکێنن هەندێ لەم ژنانە فمێنیزم بوونیان وەکوو دەستاوێزێك لێ کردووە و کارە گەندەڵ و نەشیاوەکانی ژنێکی ئازاد و ئازا و ڕۆشنبیری لە پشتەوە دەکەن.

7-ئەمانە ئەو دەسەڵاتە بە هێزە نین کە یاساو بڕیاری فەتعی دەرکەن.

8- زۆربەی ژنانی ئێمە هێشتا نەیانتوانیوە لە گەڵ ڕاگەیاندنە نوێکاندا خۆیان را بهێنن بۆیە کەمتر بۆ نموونە لە ئینتەرنێت کەڵك وەردەگیردرێت کە ڕاگەیاندنێکی سەرەکی ژنانی چالاك لەم کاناڵەوەیە.

بەڵام ژنانی نائاگایاری دیار:

ئەم تاقمە کە زۆربەی هەرە زۆری ژنانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە تاقمێکن کە هەموو کێشە و سەختییەکانی کۆمەڵگایان لە سەر شانە تەنانەت تا سەر ئێسك و پرووسکیان ڕۆبشتووە و چەشتوویانە. بەڵام بەربەرەکانییەکانییان کرچ و کاڵە. ئەم تاقمە هەر چەندە زۆرینەن بەڵام دەسەڵاتێکی وایان نییە, پشتگیری پتەویان لە پشت نییە و زیاتر سەرکوت دەکرێن بە هۆی نائاگادار بوونیان لە دەورووبەر کە ئەو کەمە ماڤەی کە هەیانە هەروەها زیاتر پەنا دەبەنە بەر ئەو کارانەی کە زیانیان پێ دەگەیەنێ وەك خۆکوژی بە گشتی و خۆ سوتاندن بە تایبەتی , خەمۆکی و ...زۆربەی ئەم ژنانە ئەو ورەیانە تێدا پێك نەهاتووە کە لە داهاتوو نەترسن , خاڵی لاوازی زۆربەی هەرە زۆری ژنانی ئێمە ئەوەیە کە هان لە بەردەم داهاتوویەکی نادیار دا بۆیە کاری بوێرانەیان کەم لێ هەڵدەوەرێ. بەڵام لە گەڵ ئەم خاڵانەدا ئەم زۆرینە ژنانە هاتوونەتە ناو کۆمەڵگاوە هاتنە کایەوەیشیان شتی تری بە دوای خۆی دا هێناوە ئەگەر سەیرێکی زانکۆکان و خوێندن لە ئاستی سەرەوە

دا بکەین دەبینیین کە زۆربەیان ژنان پێکی دەهێنن دام و دەزگاکان ژن رەخنەی تێدا کردووە و هاتۆتە ناو بازاڕی کارەوە. ئەچێتە ناو پانتای سیاسەتەوە بە کورتی ئەچێتە ناو ئەو پانتایانە کە کە رەنگە سەدەی پێشیش و پێشتریش وەکوو بڤەیەك وا بووبێت ئەو ئەتوانێ ببێ بە قازی , ئەتوانێ پارێزەر بێت کەواتە ژن ئێستا کۆمەڵگا بیهەوێت یا نەیهەوێت دەسەڵاتی پیاوسالاڕی خوازیاری بێت یا نەبێت ها لە ناو جەرگەی بابەتەکاندا ئەمەیش لە خۆیدا هەڵگری بابەتی تر دەبێت خوێندنی باڵا وا دەکات ژنی پسپۆر و شارەزامان زۆر بێت کار وا دەکات ژنان کاری ماڵداری دابەش بکەن سەربەخۆیی ئابوورییان دەبێت ژنانی ماڵداریش هان لە پشت ژنانی ترەوە بۆ وەی سەرکەوتووبن لەو هاتنە مەیدانیانەوە هەوڵدەدەن منداڵەکانیان جوان پەروەردە بکەن بەڵام ئەمانە هێشتا زۆر لە ئاستی خوارەوەدایە ژنانی ماڵدار فەوتاوترین ژنی کۆمەڵگان کە بە جیا لە باسێکی تر دا باسیان لێوە دەکەین.

کەواتە ئەم دوو تاقمە هەر چەندە پانتایی ئەو رێگەییەی گرتوویانەتە بەر جیاوازە ئەم کارە بە هزر و یاسا و روونکردنەوە و بڵاو کراوە و ... دەکات و ئەم لە ناو جەرگەی باسەکاندا هەوڵی بەردەوام و هێور هێور و لە سەرە خۆ دەدات بۆ ئاسایش و ئاسوودەیی خۆی بەڵام ئەو دوو پانتایە یەك دەگرنەوە لە سەر خاڵێکی سەرەکی کە زۆر گرینگیشە هەر دووکیان ئامانجیانە و هەوڵی بۆ دەدەن ئەویش سەندنی ماڤی ژنان و بە سەر بردنی ژیانێکی پڕ ئاسوودە و پڕ ئاسایشە بۆ ژنان بە تاییەتی و کۆمەڵگاش بە گشتی. هەر چەندە ئەم دوو تاقمە دەبێ زیاتر پێکەوە گرێ بدرێن بۆ سەپاندنی بوونی خۆیان بەڵام شۆرش و راپەڕینی هەر دووکیان جێی خۆیەتی , پێکەوە چارەنووس سازتر دەبن پەڕەوازیی خەتەر ناکە. هیچ کامەیان بە تەنیا ناگەنە ئەو ئایدیالەی کە دەیانەوێت.